# ( چاک )تان خراپ کرد !

**کامەران عەزیز**

Kamaran91@gmail.com

( چاک ) ئەو ڕێکخراوە بو کە ئومێدی ئەوەی لێ دەکرا ببێتە ڕێکخراوێکی فیعلی مەدەنی ـ جەماوەری ـ چالاک و پەیگیرو سەربەخۆ ، وە دەتوانرا ببێتە ئەو سەکۆیە کە لە دەرەوەی دەستەڵات خەڵکی کوردوستان بە جیاوازیەکانیانەوە لە (چاک ) دا کۆ بکاتەوە و هەمان ڕێکخراو بکاتە ئامراز تا بتوانێت دەنگ و هێز و ویست و داواکان ڕێکبخات و ، بە کارو و چالاکی گشتی هاوبەش خەڵکی کوردوستان بە ئامانجە گشتی و هاوبەشەکانیان بگەیەنێت .

بەڵام بە داخەوە میراتگرانی هەمان کولتوری سیاسی نا دیموکراتی و موتڵەقگەرا نەیانتوانی لە گەڵ جیاوازیەکاندا هەڵ بکەن و ئازادی بیر و ڕا بۆ یەکدی قبوڵ بکەن و ئازادی بکەنە هەوێنی گەشە و بەردەوامی ڕێکخراوی ( چاک ) .

ئەو هاوڕیانە بێجگە لەوەی کە ئەزمونیان لە مێژووی دابەش بونی ناسروشتی و چەند کەرت بون و بەرخوردی توند و دواکەوتوانەی حیزب و ڕکخراوەکانی دی کوردوستان وەرنەگرتوە ، وە تێگەیشتنشیان بۆ ڕێکخراوی سیاسی فکری و ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی و دەزگای مەدەنی تێکەڵ کردوە ، وە تێ نەگەیشتون کە ڕێکخراوە جەماەری و پیشەیی‌یەکان هەتا ئێستا زۆربەیان ڕێکخراوی وەهمی حیزبین و بە دابەشبونی حیزبەکانیان ئەوانیش دابەش بوون و دەبن ، بە بێ بونی جیاوازیەکی ئەسڵی و بنەڕەتی ، بەم کارە لەمپەڕ و کۆسپ لە بەردەم هەموو بزاڤێکی دیموکراتی و ئازادیخواز دروست کردوە و دەکەن وە کاریگەری زۆر خراپیان لەسەر گەشەی خۆڕسک و سەربەخۆ بونی ڕێکخراوە جەمەوەری و مەدەنی‌یەکاندا دادەنێن . وە ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی‌یەکان گەر پاشکۆی حیزب و دەستەڵات نەبن و بە ئیلهامی ئەوان کار نەکەن ، ئەوا لە کەمترین حاڵەتدا دابەش دەبن ! وە فاکتەرێکی تر بۆ دابەش بونی ڕکخراوە جەماوەری و پیشەیی و مەدەنیەکان تەنها بەرژەوەندی ئەسڵی دژ بەیەکە ، ئایا ئێوە چ بەرژەندیەکی دژ بە یەکتان هەبوو ؟ وە بەرژەوەندی کام باڵتان لە گەڵ بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی هاوڵاتیانی کوردوستاندا یەک دەگرێتەوە ؟ ئایا گەندەڵی لە پێگەخوازی و دەستەڵاتخوازیدا ئێوەی دابەش نەکردوە؟

ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی‌یەکان لە سەر بنەمای کێشە ئەسڵی و هاوبەشەکان دروست دەبن لە بەرامبەر دەستەڵاتی هاوبەشدا بۆ نمونە کرێکاران ، ژنان ، خوێندکاران ، پەنابەران ، بێکاران ، کەم ئەندامان ، خانەنشینەکان ، ڕێکخراوەکانی دژی شەڕ و توندو تیژی و ڕاسیزم هەر یەکەیان کێشەی ئەسڵی و هاوبەش ڕێکیان دەخات ، واتا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە ، وە ڕێکخراوی فشار و ڕیفۆرمیستی و گۆڕانکاری و چاکسازین . وە ئامرازی ڕێکخستن و بەهێزکردنن بۆ بەرژەوەندی‌یە گشتی و هاوبەشەکانی خاوەن کێشەکان نەک ئامانجی دەستەڵاتخوازی و پاوانخوازی و پێگەخوازی و تەماعبازی و فێڵبازی و گەندەڵخوازی بێت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی تاک و تاقمەکان !

خەڵکی کوردوستانیش وەک کێشەی نەتەوەیی هەمان کێشە و هەمان ترس و هەڕەشەی داگیرکاری هاوبەشیان هەیە بۆیە دەبێت یەک هێزی هاوبەشیشیان هەبێت بۆ بەرانگار بونەوە دژ بە داگیرکاران ، کە ڕێکخراوی ( چاک ) دەیتوانی ببێتە ئەم سەکۆ و ئامرازە هاوبەشە **<u>باشتر لە ڕابوردوو نەک خراپتر وەک ئێستا</u>** ! بەڵام بە داخەوە بە دابەشبونتان متمانەتان نەما .. وە کاروان و هێزی پیشتیوانیتان لە دەستدا و ڕێکخراوی <u>چاکتان خراپ</u> کرد ، خۆتان ڕێکخراوی چاکتان ئیفلیج و بێهێز کرد و دوو ڕێکخراوی لاوازتان لێ دروست کرد ، کە هیچ لایەکتان ناتوانن وەک ڕۆژانی پێشو بە هەمان هێز و توانای لە

خۆبوردیی و بە هەمان دەروونی براپەخۆبون چالاکیەکانتان ئەنجام بدەن ،!!!
بۆیە دەڵێم گەر ئازادی لە بیرتاندا بوایە بە جیاوازیەکانەوە دریژەتان بە کارەکانتان دەداو بە ناو گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانتان لە هامان ڕێکخراوی پێشودا ئەنجامدەدا، چونکە ( چاک ) جوانی دیموکراتی و مەدەنیەتی لەوەدا بو کە توانیبوی هێزی جیاوازیەکانی کۆمەڵگای کوردوستان لە ئامێز بگرێت و لە خۆیدا کۆی بکاتەوە و بەکاری بهێنیت لە بەرامبەر داگیرکارانی هاوبەشدا ، بۆ بەدەستهێنانی ماف و چارەسەری کێشە هاوبەشەکانی هاوڵاتیانی کوردوستان ، نەک جیاوزیەکان دژ بە ئازادی دیالۆگ و گوێگرتن و هەڵوێست و بەرخوردی دژ بە یەک بەکاربهێنن !

2007 .14.12